کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-4-2007 1:10 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## پۆپولیستیی کێشەی کورد ئالۆزتر دەکات! ... عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین
2007/04/11

پۆپۆلیزم بەو ڕێبازە سیاسییە دەگوترێت، کە سۆز و هەست و نارەزایی و ترسەکانی خەڵک بۆ مەرامی تایبەت و بەرژەوەندی تەسکی حیزبیی یان تایبەتیی بەکاردەهێنێت و، شیکار و وەڵامی پرسە سیاسییەکان بە سووک و سادەیی دەخاتە بەرچاوان. ئامانجەکەی تەنها ئەوەیە کە بە داخوازی و دروشمی سەرنجراکێش، سۆز و هەست و دەنگی کۆمەڵانی خەڵک بۆخۆی رابکێشێت.

هەندێک لە فەرهەنگەکان ئەو ڕێبازە بە سیاسەتێکی هەلپەرست ناودەبەن، کە هەولی ئەوە دەدات سۆزی جەماوەر بۆخۆی کێش بکات، بەبێ پێشکەشکردنی هیچ چارەسەرییێکی پراکتیکی.

لە ئەورووپا، بە تایبەت لە ئەلمانیا، ئەو جۆرە سیاسەتە وەک تاوانێکی سیاسی تەماشادەکرێت و سیاسەتمەدارانی پێ شەرمەزار دەکرێت.

واتە پۆپۆلیستەکان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان، نەک بەرژەوەندی خەڵک، خۆیان لەگەڵ بڕوای زۆرینەی خەڵک دەگونجێنن.

ڤالتەر شێیل، سیاسەتمەداری ئەلمانی دەڵێت: "ئەرکی سیاسەتمەداران ئەوە نیە خۆ بە داخوازی گشتی ببەستنەوەو خواستی جەماوەریی جێبەجێ بکەن، بەڵکو ئەرکی سیاسەتمەداران ئەوەیە، هەنگاوی ڕاست بهاوێن و، هەنگاوەکەیان بکەن بە هەنگاوێکی جەماوەری"

سیاسەتمەدارانی کوردیش، نابێت پۆپولیستانە رەفتاربکەن و بۆ چارەسەری کێشە نەتەوایەتییەکانمان خواست و سۆزی زۆرایەتیی گەل و قسەگەورەکانی ئەم و ئەو، بکەنە دروشم و ڕێبازی سیاسی، بە پێچەوانە ئەرکی مێژوویی ئەوانە، بە تایبەت سەرکردەکان، مۆدێلی شیکاری واقیعی کە خۆیان باوەڕیان پێ هەیە، بخەنە بازاڕی سیاسەت و، جەماوەری کوردستانی لە دەوردا کۆبکەنەوە.

دەنا هەلبژاردنی سیاسەتی پۆپولیستی چارەنووسی گەلەکەمان بەرەو مەترسی دەبات، ئەگەریش زۆرینەی گەل لە ماوەیەکی کورتدا خایەندا چەپلەی بۆ لێ بدەن.

تێبینی بۆ نووسینی ئەم بابەتە، سوود لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە:
http://www. brainworker. ch/Politik/populismus. htm

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.